www.kurdistannet.org
18:36 11-1-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پرۆژەی مێترۆ بۆ پایتەختی هەرێمی کوردستان! ... ئەندازیار نەریمان مەلا محمد گەلالی

بەرلین



بەڵێ من بە پێویستی دەزانم وەک خەمخۆرێک بۆ پێشخستنی هەرێمی کوردستان باس لەوە بکەم کە ئەمرۆ پێویستە بە رژدی بیر لەوە بکەینەوە کە نەخشەی مۆدێرن دابنێین بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هاتووچۆ لەنێوان و لە ناوەوەی شارەکانی کوردستان ئەمەش بە هۆی بەستنەوەی ئەو شارانە دەبێت بە یەکتری بە شادەماری ئەوتۆبان یان هێڵی ئاسنی شەمەندەفەری.

ئاشکرایە کە رژێمی پێشوو هەموو هەوڵێکی دەدا بۆ کەمکردنەوەی پەیوەنی لە نێوان شار و شارۆچکەکانی کوردستان لەگەڵ یەکتری و نەیدەهێشت تەواوکاریەکی کۆمەلایەتی و بازرگانی ئابووری لە نێوانیاندا دروست ببێت هەربۆیەش لە کوردستان هیچ شەقامێکی ستراتیجی دروستنەکراوە. بەشێوەیەک هەتتا پەیوەندیە گەیاندەنیەکانی وەکوو مایکرۆوەیڤی تەلەفۆن و تۆڕی هێڵی کارەبای نیشیمانیش ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا نەبوون کە ئێستا هەن بەڵکوو هەمووی لە ڕێگەی مەرکەزەوە بوون. بۆ نموونە شارۆچکەی ئاکرێ کە تەنها ٥٦ کیلۆمەتری هەوایی لە هەولێرەوە دوورە و زۆر لەوە زیاتر لە شاری مووسڵ دوورە کەچی بە ڕێگەیەکی باش بە هی دوهەمیەوە گەیاندراوە لەسەر بناخەی ئەوەی موسڵ ئیتر شارێکی عەرەبیە! هەرچەندە بتوانین هۆکارەکانی ئاسانکاری لە گواستنەوەو گەیاندن لەنیوانیان دروست بکەین ئەوەندە تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان پتەوو بەهێز تر دەکەین ئەمە لەلایەک لە لایەکی تر هەرچەندە بتوانین کە گەیاندن و گواستنەوە (ڕێگاوبان، پاسی ناو شار، پۆست، تەلەفۆن، هێڵی شەمەندەفەری و ئاسمانی) لە ناوەخۆی شارەکانی هەرێم پێش بخەین ئەوەندە ڕووی شارستانی ئەو میللەتەو ئاسوودەیی مسۆگەر دەکەین. ئەوەی من لەو نووسینە مەبەستمە باسی بکەم پێشنیار و بیرکردنەوەیە لە دانانی پلان بۆ پرۆژەی مێترۆ بۆ شارەکانی کوردستان بەتایبەتی پایتەختی هەرێم ئەوەش بە دانانی تۆڕی هێڵی ئاسنی سەر زەوی و ژێر زەوی وەکوو کە لە هەموو شارە گەورەکانی جیهان جێبەجێکراون دیارە تۆڕی هێڵی ئاسنی ژێر زەوی (مێترۆ) تێچوون و کاتێکی زۆری دەوێت و پێویستی بە چارەسەریەکی گەورەی هێڵە نارێکەکانی تەلەفۆن و ئاو و ئاوەڕۆ دەبێت و گۆڕانێکی زۆری دەوێت کە لەوانەیە بۆ ئەمرۆی کوردستان زەحمەت بێت بەلام دەکرێت پلانی داهاتوویی بۆ دابنرێت و لە فراون بوونی شار یان لە پلانی درێژخایەن هەر لە ئێستاوە حیسابی بۆ بکرێت ئەگەر نا ئەو کات کێشەی گەورەترو بەربەستی زیاتری دێتە ڕێ، هەروەکوو پرۆژەکەی مێترۆی شاری بەغدای یەک هێلی کە کاتی خۆی لە هە شتاکان دەبوایە دەستی پیبکرێت بەلام لەبەر باری سیاسی نەکراو ئێستا ئەگەر هەمان پرۆژە جێبەجێبکرێت دەیان جار خەرجی زیاتری پێویست دەبێت، دانانی تۆڕێکی ساکاری شەمەندەفەری سەر زەویی مۆدیرن (ترام) دەکرێت سەدا حەفتای کێشەی گواستنەوی هەولێری پایتەخت چارەسەر بکات و هەولێر لەو تەنگژە گەورەیەی هاتووچۆ و پیس بوونی هەوا رزگار بکات. بەڕای من دەکرێت لە ڕێگەی چوار

هێڵی ئاسنی سەر زەوی جا چ لە سەر جادەی ئاسایی بێت یان ڕێگەی تایبەتی بێت بە خۆی کە بە ئەڵمانی پێیان دەگوترێت - bahn & strassen bahn (Tram S)
ئەم ٤ هێڵەش من بەم شێوەیەی خوارەوە پێشنیار دەکەم کە دەکریت شوێن و نێوان وێستگەکانی وەستان پاشان بە پێی پێویست دیاری بکرێن.

یەکەم:
هێڵێک لە ناو فرۆکەخانەی هەولیرەوە دەست پێبکات و شارۆچکەی عەنکاوە ببڕێت و بە رەو شەستەتی و پێچبخواتەوە بەلای پەرلەمان و تا دەگاتە فولکەی (زەعیم) و بەرەو ڕێگای کەرکوک بڕوات تاکو بەرامبەر (عەلوە) ی شارو ئەوێ خاڵی دەستپێکدن و کۆتایی ئەم هێڵە بێت.
دووەم:
لە شاوێسەوە دەستپێبکات تا شەستی و بە پێچەوانەی ئاڕاستەی ئەوی تر پێچبخواتەوە تا دەگاتە فولکەی (زەعیم) و بێتە خوارەوە تا نزیکترین خاڵی گونجاو لەو پرۆژەی تاوەروبازاڕی هاوچەرخ و نوێیەی کە ئێستا لە دروستکردندایە.
سێیەم:
لە چوار دەوری شەستی بە شێوەی بازنە بسوورێتەوەو هی تریش لە داهاتوو بۆبازنەی سەد مەتری پاش تەواو بوونی.
. چوارەم:
لە کەسنەزانەوە بۆسەر شەستی و ڕۆیشتنی دەستە ڕاست بە کێرڤی شەقامەکە تا دەگاتە ڕێگای کۆنی موسل و بە ئاڕاستەی ئەو شەقامە بڕوات تا دەگاتە پشت پارکی هەولێر.. زۆر ئەلتێرناتیڤی تریش هەن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی لەم شێوە یە بەلاّم بۆ ئەوەی پرۆژەی وا بە شێوەیەکی دروست وبە باشترین شێوە ی ئەندازەیی ئەنجام بدرێت دەکرێت بدرێتە کۆمپانیایەکی تایبەتمەندی ئەوروپی (بە تایبەتی ئەڵمانی) و لێکۆڵینەوەو ڕێنمایی و راوێژی تەواوی لەسەر بکرێت و هەموو لایەنەکانی شیتەڵ بکرێت. بەڕای من پرۆژەیەکی وا بە هەموو پێداویستیەکانیەوە لە دانانی هێڵە ئاسنینەکانی هاتن وچوون و ژمارەی پێویستی فارگۆن و هێلەکانی کارەبای پێویست بۆیان لەگەڵ وەرشەیەکی گونجاو و وێستگەکانی وەستان و باڵەخانەی سەرەکی وەستانی هەموو شەمەندەفەرەکان هەروەها دابیین کردنی فێربوونی کادیرو کارمەندانی بەڕێوەبەری ئەو پرۆژەیە لە نێوان ١٥٠ تا ٢٢٠ ملیۆن دۆلاری تێدەچێت. دیارە ئەو نووسینەی من شتێکی سەرپێیەو لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی چڕو پڕ نیە چونکە پرۆژەی لەو چەشنە زۆر زیاتری پێویستە بەلاّم هیوادارم کە شتێکم وروژاندبێت بەڵکوو لە داهاتوویەکی نزیک ببێتە هەوێن بۆ دەستپێکردنیان نەک هەر لە هەولێر وەکو لەسەرەتا ئاماژەم پێکرد بەڵکوو لە هەموو شارەکانی تری کوردستان.
ئەم ٢ وێنانەی خوارەوە هێڵی شەمەندەفەری سەر شەقام (ترام) نیشاندەدەن








وێنەی شاری هەولێر کە بە ساتەلایت گیراوەو هەر ٤ هێلە پێشنیارکراوەکەشی لەسەر دیاریکراوە